**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی بڕگەی (١ )لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتی ئاسایی ژمارە (١٧)ی رۆژی ١/١٢/٢٠١٠ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە ( ١٦ )ی ساڵی ٢٠١٠
## یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە( ٩ )ی ساڵی ٢٠٠٨

**ماددەی یەکەم:**

بڕگەی(دووەم) لە ماددەی(سێیەم) لە یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٠٨دا هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

گرێبەستی بەکرێدانی خانووبەرەی بەکرێدراو جگە لە مەبەستی نیشتەجێ بوون کە پێش جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە بەستراوە درێژ دەبێتەوە تاکو ٢٠١٢/٧/١٥ لە رۆژی جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٠٨وەو دوای تێپەڕبوونی ماوەی ئاماژەپێکراو دەکەوێتە ژێر حوکمەکانی یاسای شارستانی ژمارە(٤٠)ی ساڵی١٩٥١ی هەموارکراوی کارپێکراو لە هەرێمدا.

**ماددەی دووەم:**

**یەکەم:** حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو داوایانە دەگرنەوە کە لەبەردەم دادگا تایبەتیەکان بەپێی یاسای سەرەوە بینراون و بڕیاری یەکلاکەرەوەیان لەبارەوە دەرنەچووە.

**دووەم:** ڕاگرتنی جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانەی لەو داوایانە دەرچوونە کە یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٠٨ دەیانگرێتەوە و بڕیارەکانی چۆڵ کردنیان جێبەجێ نەکراوە، هەتا ٢٠١٢/٧/١٥.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا بلاْودەکرێتەوە.

**محمد قادر عبدالله**
**(د. کەمال کەرکووکی)**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**هۆیەکانی دەرچوونی**

لە پێناوی سەر لەنوێ رێکخستنی پەیوەندیەکانی نێوان خاوەن موڵك و کرێچی و پێدانی ماوەیەکی تر بە هەردوولا بۆ ئاگاداربوونیان لەبارە یاساییە نوێکانی بەکرێدراو تا کاروباری خۆیان رێك بخەن و ماوەیەکی تەواو بە هۆیەکانی راگەیاندن بدرێ بۆ بلاْوکردنەوەی هۆشیاریی یاسایی لەم بوارەدا بۆیە ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

---

تێبینی ئەم یاسایە بەبریاری ژمارە (21) ی ساڵی ٢٠١٠ لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا